

# شەهید عەزیز

## عەزیز عەلی خدر شێخە

یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی کە لە سنووری قەزای کۆیە، لە شەڕی ڕووبەڕووبونەوەی داعشدا شەهید بووە، لە پێناو پاراستنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان و خاک و نیشتیمانی کوردان، شەهید عەزیز عەلی خدر شێخە بوو.

عەزیز عەلی خدر، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی توتمێ/بالیسان، لەدایک بووە، لەبەر فەقیری و هەژاری و کەم دەرامەتییەوە تاکوو پۆلی چوارەمی سەرەتایی/ بنەڕەتی خوێندووە و لەدواتردا وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقاڵی کار و پیشەی ڕۆژانە بووە و بژێوی ژیانی دابین کردووە.

عەزیز عەلی، لە ساڵی (١٩٩٣) ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (کوردستان ڕەحمان ڕەسووڵ) پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو ژیانەیان دوو منداڵە، کوڕێک بەنێوی (محەممەد، تەمەن بیست و دوو ساڵ) و کچێک بە نێوی (شەیما، تەمەن بیست ساڵ).

لەدوای ساڵی (١٩٩٦)ـەوە بەهۆی سیاسەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە شاری هەولێرەوە دەگوازنەوە بۆ کۆیە.

شەهید عەزیز، لە ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١)ـەوە چەکی هەڵگرتووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە، کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە. لە

ماوەی پێشمەرگایەتیشدا دوو جار بریندار بووە. ئەڵبەتە، لە خێزانەکەیاندا دوو برای دیکەی بە نێوەکانی (فرسەت و سەباح) شەهید بووە.

لەگەڵ هاتنی داعش و نزیک بوونەوەیان لە کوردستان، بەردەوام لە ڕێزی پێشەوەی بەرگری کردندا بوو، لەبەرانبەر هێرش و فشارەکانی داعشدا، تا سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٦) لە کاتی بەرگری کردن و تێکشانی هێرشەکانی داعش، لە شەنگال لە کاتی تەقینەوە ساچمەی بەردەکەوێت و لە ئەنجامدا بریندار دەبێ و بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانە لە دهۆک چارەسەری وەردەگرێت. بەڵام لەدوای سێ مانگ و لە بیست و سێی ئاداری ساڵی (٢٠١٦) بەهۆی ئازاری برینەکەی کە ساچمە لە جەستەی دامابوو، گیان لەدەست دەدات و دەچێتە ڕێزی شەهێدانی کوردستانەوە.

لەدوای شەهید بوونی شەهید عەزیز، بە ڕێ و ڕەسم و بەڕێزەوە بەرەو بالیسانی دەبەنەوە و لە گۆڕستانی گەورەی توتمە، لە گوندی توتمە بە خاکی دەسپێرن.

بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێز (نەجات عەلی خدر شێخە، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی شازدەی تەمموز، ڕۆژی شەممە، لە ماڵی برای شەهید، لە کۆیە





